# چەند پێشنیارێك* لەسەر بنەمای ئەزموونی تێكۆشانەكانی بیست و شەش (٣٦) ساڵی ڕابوردوو

- پێکهێنانی گروپ و ئەنجومەنە خۆجییەکانی گەڕەکەکان و ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆ و ڕێکخستنی ئاسۆیی کۆمەڵ وەک بەردی بناخەی ڕاپەڕین و خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵ ...تد

- پێکهێنانی کۆمیتەکانی مانگرتن و خۆنیشاندان و ... هتد

- بەرگرتن بە ناوچەگەرێتی و شارچییەتی و پارتیی پارتییێنە، کە هەندێك لایەن و دەستەی دەسەڵاتخواز بۆ پەرژەوەندی خۆیان دنەیدەدەن و ... هتد

- بەرگرتن بە هەوڵی هەر گروپێك، کە بیەوێت ئاراستەی خۆنیشاندان و نارەزایەتییەکان لە دژەدەسەڵاتەوە بۆ دژە-پدک یان دژە-ینک یان دژی هەر لایەنێکی دیکە و ماندان بۆ پشتیوانی لە لایەنێکی دیکە، واتە بەرگرتن بەو کەسانەی کە بۆ ئامانجی تایبەتیی خۆیان دەخوازن خۆنیشاندەران بە گژی نەیارەکانی خۆیان بکەن و ... هتد

- بەرگرتن بەو دروشم و پاگەندانەی، کە دەیانەوێت هێزی جەماوەری ڕاپەڕیو لە بەرژەوەندی تەسکی پارتییایەتی و دەستبژێری خۆیان بەکاربەرن و ... هتد

- بەرزکردنەوەی داخوازییە جەماوەرییەکان، کە دەربڕی خواست و ئاواتی گشتین [ئازادی، یەکسانی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی] لە بەرامبەر دروشم و داخوازی پارتیی و گروپە ڕامیارییەکان و ... هتد

- هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی هێزە چەکدارەکان بۆ بەرەی جەماوەر و داماڵینیان لە چەك و ناچارکردنیان بە دەرچوون لەنێو شار و گوندەکان و ... هتد

- بەرگرتن بە کوشتوبڕ و توندوتیژی، گرتنەبەری شێوازی پارێزگاری لە خۆکردنی گونجاو و ... هتد

- بەرگرتن بە جیاوازی دروستکردن و دەستەگەری و هەوڵی دەستەمۆکردن و خۆسەپاندنی گروپە ڕامیارییەکان و ... هتد

- پەیوەندیگرتن لەتەك چالاکانی جەماوەریی لە ئاستی سەرتاسەری شار و گوندەکانی کوردستان و عیراق و ... هتد

- بڵاوکردنەوە و گەیاندنی هەواڵ و وێنە و کورتە ڤیدیۆکان بە فەیسبووك و تویتەر و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە و ... هتد

- هەڵخڕاندنی مانگرتنی گشتی؛ هەر لە مانگرتنی گشتی لە کار، مانگرتن لە کردنەوەی میدیای سەربەدەسەڵات و بایکۆتی ڕۆژنامەکانی سەر بە دەسەڵات و ... هتد

- هەوڵی دەستبەجێ بۆ پێکهێنانی کۆمیتە و ئەنجومەن و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لە شوێنی کار و لەنێو گەڕەکەکان و خۆلادان لە شەڕی گروپە ڕامیارییەکان لەسەر ناونانی ڕێکخراوەکان و ... هتد

- دەستبەکاربوون لە دەستبەسەرداگرتن و گێڕانەوەی کارخانە و فەرمانگە و خوێندگە و کاروبارە گشتییەکان بۆ خۆبەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆی گوند و ناوچە و شارەکان و ... هتد

- هاوکاتی هەوڵی پێکهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییە سەرتاسەرییەکان، نابێت ڕۆڵی بناخەیی کۆمیتەکان و ڕێکخراوە جەماوەرییە خۆجێییەکان لەبیربکرێت و پێویستە بڕیاردان و جێبەجێکردن لەسەر بنەمای کۆبوونەوە گشتییەکان و پێکهاتن و یەکگرتنی ئازادانەی ناوچەکان و شارەکان و گوندەکان و ... هتد

- بەرتەسککردنەوە و نەهێشتنی بەشداریکردنی پارتیی و ڕێکخراوە ڕامیارییەکان لەنێو ئەو کۆمیتانە تاکو ئاستی ئامادەیی تاکەکان و ڕێگەگرتن لە پارتیی و دەستەبژێرەکان لە بڕیاردان و قسەوباسەکان و لە ناوهێنان و خۆسەپاندنیان و ڕەتکردنەوەی هەر بەرنامەیەکی پێشتر ئامادەکراوی پارتییە دەسەڵاتخوازەکان و ... هتد

- بەرگرتن بە هەر هێز و کەسێك کە بیەوێت هانا بۆ تۆڵەسەندنەوەی کەسیی و گروپی و خێڵەکی بەرێت و ... هتد

- بەرگرتن لە گروپ و دەستەچیەتی (سکتاریستی) گروپە چەپ و ناسیونالیستەکان و ... هتد

- دەستکۆتاکردنی بەکرێگیراوانی دەسەڵات و پارتییە هاوپەیمانەکانیان لە دەستەمۆکردن و بەلاڕێدابردنی ڕاپەڕین و ... هتد

- پێکهێنانی دەستە و هێزی پاریزگاری لە نێوەندی کۆمیتەکان و گەڕەکەکان و ... هتد

- پێکهێنانی کۆمیتەکانی پاراستنی شوێنە گشتییەکان و ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان و گەڕەکەکان و سپاردنی ئەرکەکان بە خودی کەسە پەیوەندیدارەکان لە ڕێگەی پێکهێنانی ئەنجومەنی هەرەوەزیبە کۆمەڵایەتییەکان، وەك کۆمیتە، ئەنجومەن، کۆمون، سۆڤییت، ڕێکخراوی پیشەیی خوێندنگە بە خوێندکاران و کارگە بە کرێکاران و فەرمانگە بە فەرمانبەران و کاروباری گەرەکەکان بە ئەندامانی گەرەکەکان و گوندەکان بە گوندەکان، و ... هتد

- دەستگرتن بەسەر کاناڵەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و چاپەمەنییەکان و خستنەکاریان بۆ گەیاندنی دەنگی ڕاپەڕین و ... هتد

- پێکهێنانی ئەنجومەن و کۆمیتە و ڕێکخراوەکانی شوێنی کار لەسەر بنەمای کۆبوونەوەی گشتی و هەڵبژاردن و بڕیاردانی ڕاستەخۆ و پیادەکردنی چالاکی ڕاستەخۆ و ... هتد

- هەوڵدان بۆ پێکهێنانی فێدراسیۆنی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان و هەنگاونان بۆ پێکهێنانی کۆنفیدراسیۆنی سەرتاسەری لەسەر بنەمای سەرتاسەری بیرکردنەوە و خۆجێی کارکردن و ڕێکخستنی ناقوچکەیی (ناهەرەمی )... هتد

- هەڵوەشاندنەوەی بەڕێوەبەرایەتی و ناوەندەکانی بڕیاردان کە پارتییەکان و دەسەڵاتی هەرێمی و ناوەندی سەپاندوونی و پێکهێنانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی و پیادەکردنی دێمۆکراتی ڕاستەوخۆ وەك بناخەی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگە و ... هتد

- دەرکردنی بەڕێوەبەران و کارمەندانی میری و کۆمپانییە تایبەتەکان لە کارخانە و شوێنەکانی دیکەی خزمەتگوزاری و پێکهێنانی خۆبەڕێوەبەرایەتی شوێنەکانی کار و خزمەتگوزاری لە خودی کرێکاران و کارمەندان و ... هتد

- ئەمانە و چەندین کار و چالاکی دیکە، کە لەنێو ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ و مانگرتنە گشتییەکانی چەند ساڵی ڕابوردووی خۆرهەڵات و زنجیرە ڕاپەڕینەکانی تونس و میسر و یەمەن و هتد... بەدەستهاتوون و پەرەپێدانیان .

- پێویستە ئامانجی تێکۆشان و نارەزایەتی و خۆنیشاندان و ڕاپەڕینی خەڵک لەپێناو کۆتاییهێنان بە سیستەمی دیکتاتۆریی و دەسەڵاتی سەرووخەڵکی و دەسەڵاتداریی پارتییەکان و چەپاوڵی کۆمپانییە نێوخۆیی و دەرەکییەکان و ماوکات لەپێناو پێکهێنانی خۆبەڕێوەبەریی خەڵک و پێکهێنانی کۆمەڵی دیمۆکراتیک و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ڕێکەوتننامە و کۆنتراکت و بەرەتەرییەکان و سەندنەوەی هەموو سامان و داهات و کەرتەکان لە پارتییەکان و کۆمەڵایەتییکردنەوەی سامان و داهات و بەرهەمهێنان و دابەشکردن و خۆشگوزەرانکردن و ڕزگارکردن و ]یادەکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بێت، ئەگەر نا، گۆڕینی پارتییەک بە پارتییەکی دیکە، سەرۆکێک بە سەرۆکێک دیکە، دەستەبژێرێک بە دەستەبژێرێکی دیکە، یان گۆڕینی کۆمپانیای نۆکان و قەیوان و کۆڕەک و وشە بە کۆمپانیای (نالیا ) و شاسوار عەبدولواحید، هیچ لە بەدبەختییەکانی ئێمە ناگۆڕێت.

هەر ئاوا بۆ پاراستنی گیانی خۆنیشاندەران و دابینکردنی فریاگوزاریی، پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاوبکرێن:

- هەڵگرتنی ئاو بۆ دەموچاوشتن لە کاتی بەرکەوتنی گازی فرمیسکڕێژ و ...هتد

- بڕینپێچی و ڕزگارکردنی بریندارەکان لەلایەن دەستە فریاگوزارەکانی خۆنیشاندەرانەوە و ... هتد

- ئاگادارکردنەوە و گەیاندنی ناوی گیراوەکان لە کاتی دەستگیربوون و ... هتد

- بڵاوکردنەوەی ناوی بەکرێگیراوانی دەسەڵات و چەکدارە تەقەکەرەکان و گرتنی وێنە و کورتە فیلم لەسەر ئەوان لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ... هتد

- ئەوانە و زۆر هەنگاو و پێشنیاری دیکەی زادەی پراکتیکی ڕۆژانە و سەرهەڵدراوی نێو ناڕەزایەتییەکان و تێکۆشانەکان ...تد

---

**<u>زۆرێک لەو خاڵانەی سەرەوە، بەشێکن لە ڕاگەیێندراوی (پێشنیاری دەستەیەک لە چالاکانی خۆنیشاندانەکانی ١٧ی شوباتی ٢٠١١)</u>**